گێڕانەوە لە ڕۆمانی (منالێک لەسەر مانگە)ی هیوا قادر

شیرین. ك

کاتێك ڕۆمانێك دەخوێنینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر ئەو ڕۆمانە بە ژیانی واقعی بەراورد بکەین، چونکە ڕۆمان خۆی بۆ خۆی واقعێك و ژیانێکی سەربەخۆیە، بەڵام دیارە ئەو واقع و ژیانە نییە کە من و تۆو ئەوی خوێنەر دەیژیین و تیا دەژین، ڕۆمانووسی سەرکەوتووش هەوڵدەدا ئەوەی دەینووسێ لەو واقیعە دەربازی بکات و لێی چیابکاتەوە واقعێکی سەربەخۆ خەڵقبکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەموو هەوڵێکی ڕۆمانووس لەوەدا چڕ دەبێتەوە قناعەت بە خوێنەر بکات کە هەموو ئەو فانتازیایە، واتە ئەو شتە سەیرو سەمەرەو ناماقوڵانەی دەینووسێ و لەگەڵ واقعی ژیاندا ئەگونجاوو ناتبان، ئەوە واقعە حەقیقیەکەیەو ئەوە ڕاستییە (چونکە ڕۆمانووس هەوڵدەدا مەودای نێوان وەهم و واقیع تەسکبکاتەوەو وا لە خوێنەر بکات سنووری نێوانیان بسڕێتەوەو لەو درۆ گەورەیەدا بژی هەروەکو ئەوەی جێگیرترین و قایمترین حەقیقەت بێ.... ئەمە ئەو فیلە گەورەیەیە کە ڕۆمانە مەزنەکان دەیکەن.. دەیانەوێ قناعەتمان پێبکەن جیهان ئەوەیە کە ئەوان دەیگێڕنەوە) بۆیە کە ڕۆمانی (منداڵێك لەسەر مانگە)ی هیوا قادر-م خوێندەوە، قەت نەمبەستەوە بە واقعەوە، چونکە ڕۆمانی چاك دروزنترین ڕۆمانو ئەدەب بۆ خۆی دروێیەکی گەورەیەو ڕاستترین درۆشە، دیارە من، کە خوێنەرێکی باشی ڕۆمانم، هەر لە مێژە فێری ئەوە بووم وا لە ڕۆمان ڕانەمێنم و بە هیچ واقعێکی بەراورد نەکەم و هەمیشە وەکو دنیایەکی سەربەخۆ تەماشای بکەم، دنیایەك خۆی خۆی دروستکردووەو خۆی خۆی دەژێتێ بەدەر لە ڕۆمانووسەکەو خوێنەریش، تا لەم ڕوانگەیەوە هەموو ڕۆمانێك و ڕۆمانی (منداڵێك لەسەر مانگە)م خوێندەوەو بە دنیایەك لە جوانی ئاشنایکردم، یەکەم شتیش کە سەرنجی ڕاکێشام، شێوازی نووسینی ڕۆمانەکە یا بڵێین چۆنێتی گێڕانەوەیە لە ڕۆمانەکەدا کە وەکو چەندین قوتوو وایە لەناو یەکدا، واتە بوونی چەند چیرۆکێك لەناو یەکدا، کە ئەمەش هەرچەندە شێوازێکی لە مێژینەو باوە، بەڵام قەت کۆن نابێ و ڕۆمانووسەکان هەر لە دێزنکیخۆتەوە، کە بەمشێوازە نووسراوە، تا تازەترین ڕۆمان لێرەو لەوێ بەکاریدێنن، سەرکەوتوویی و جوانی ئەم شێوازە بەستراوە بەتواناو بەهرەی ڕۆمانووسەکە خۆیەوە کە بە جورێك بەکاریدەهێنێ و ڕۆحی سەردەمی بەبەردا دەکات و قناعەت بە خوێنەر دەکات کە ڕۆمانەکەی بەمشێوازە نابێ ناگێڕدرێتەوە. لەڕۆمانی (منالێك لەسەر مانگە)دا چەند چیرۆکێك هەیە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی پێکەوەی بەستوون، ئەوانە چیرۆکگەلێك نێ هەروا لە تەنیشت یەکەوە دانراین، هەر لەبەرئەوەی لەیەك شوێن یا زەمەندا ڕوویانداوە، بەڵکو هەموو حیکایەت و بەسەرهات و ڕووداو کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بە هێڵێکی ڕاست و دیار پێکەوە بەستراون، هەریەکەیان ئەویدی تەواوەکات، ئەو هێڵەش (گەرانە بەدوای جوانیدا) کە یەکسانە بە (گەران بە دوای خواەدادا) کە دەکاتە (گەرانی مرۆڤ بەدوای خودی خۆیدا)، هەموو حیکایەتەکان لە نێو کەشێك و فەزایەکدا دەتوێنەوەو تێکەڵدەبن و دواجار شتێکیان لێدەردەچێت کە جیاوازە لە هەریەکێ لە چیرۆکانە بەجیا کە ئەویش ڕۆمانەکەیە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ کە ڕۆمانێکە پێماندەڵێ (جوانی خوایەو خوا جوانییەو مرۆڤ بەدوای هەردووکیاندا دەگەڕێ و لە ئەنجامدا ئەوەی دەدۆزێتەوە) کەواتە (مرۆڤ جوانییەو جوانی مرۆڤیو خوا لە هەردووکیاندا بەرجەستە دەبێت). ڕۆمانەکە لە کەشێکی ڕۆحی و سۆفیانەدا ڕووەدەاو کەسێتییەکانی دەبزوێن و لە گەڕاندان بە دوای شتێکدا کە (جوانی، خودا، حەقیقەت، مرۆڤ)ە، ئایا ئەمە شتێکی نوێیە؟ ئەگەرە گەرانە یا گەران بە دوای ئەماندا، بەقەد مێژووی مرۆڤ کۆنەو عەقڵی مرۆڤ هەر لەسەرتاوە کاری لەسەر ئەمە کردووەو کاری بۆ کردووە، ئەم بابەتە بووە بە هەوێنی دەیەهاو سەدەها دەق لە دونیادا هەر لە ئەفسانەکانەوە تا دەقەکانی ناو کتێبە پیرۆزەکان و تا دەگاتە نوێترین دەقی ئەمڕۆ، بەڵام هەر دانەوەو بە زمان و شێوازی خۆی ئەو دەقەی نووسیوە، هیوا قادر-یش بە کۆمەڵێ حیکایەت سەرسامان دەکات کە هەر لە قوتوویەکی چینی دەچێت، کە دەیکەینەوە قوتوویەکی تری لەناودایە ئەویش دەکەینەوە قوتوویەکی ترو ترو بەجۆرە سیحری گێڕانەوە ڕامانەدەکێشێ، بەڵام لەسەرخۆو بێ هەناسەبرکێ، لە یەکەم قوتووا وائەت لە یەکەم حیکایەتدا کە بە هۆی ئەوەوە بە قوتوەکانی ترو حیکایەتەکانی تر ئاشنا دەبین، ڕاوی حیکایەتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە (کە ناوی نازانین و بە ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر ئەدەوێ) بەدوای سەید موحسینی خەتۆشدا دەگەڕێ کە چەندین ساڵ لەوەوبەر مردووە، ئەو پیاوە لای ڕاوی بەرجەستەکاری (جوانییە)، (سیمای ئەو سیمای ئینسانێکی بێدەنگ و خەمگین بوو، بەڵام هەمیشە وەك بینینی دراهەمین پرتەی کۆزاندنەوەی ڕۆمانەکەی بەمشێوازە نەبێ ناگێڕدرێتەوە. لەڕۆمانی (منالێك لەسەر مانگە)دا چەند چیرۆکێك هەیە کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی پێکەوەی بەستوون، ئەوانە چیرۆکگەلێك نێ هەروا لە تەنیشت یەکەوە دانراین، هەر لەبەرئەوەی لەیەك شوێن یا زەمەندا ڕوویانداوە، بەڵکو هەموو حیکایەت و بەسەرهات و ڕووداو کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بە هێڵێکی ڕاست و دیار پێکەوە بەستراون، هەریەکەیان ئەویدی تەواوەکات، ئەو هێڵەش (گەرانە بەدوای جوانییدا) کە یەکسانە بە (گەران بە دوای خواەدادا) کە دەکاتە (گەرانی مرۆڤ بەدوای خودی خۆیدا)، هەموو حیکایەتەکان لە نێو کەشێك و فەزایەکدا دەتوێنەوەو تێکەڵدەبن و دواجار شتێکیان لێدەردەچێت کە جیاوازە لە هەریەکێ لە چیرۆکانە بەجیا کە ئەویش ڕۆمانەکەیە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ کە ڕۆمانێکە پێماندەڵێ (جوانی خوایەو خوا جوانییەو مرۆڤ بەدوای هەردووکیاندا دەگەڕێ و لە ئەنجامدا ئەوەی دەدۆزێتەوە) کەواتە (مرۆڤ جوانییەو جوانی مرۆڤیو خوا لە هەردووکیاندا بەرجەستە دەبێت). ڕۆمانەکە لە کەشێکی ڕۆحی و سۆفیانەدا ڕووەدەاو کەسێتییەکانی دەبزوێن و لە گەڕاندان بە دوای شتێکدا کە (جوانی، خودا، حەقیقەت، مرۆڤ)ە، ئایا ئەمە شتێکی نوێیە؟ ئەگەرە گەرانە یا گەران بە دوای ئەماندا، بەقەد مێژووی مرۆڤ کۆنەو عەقڵی مرۆڤ هەر لەسەرتاوە کاری لەسەر ئەمە کردووەو کاری بۆ کردووە، ئەم بابەتە بووە بە هەوێنی دەیەهاو سەدەها دەق لە دونیادا هەر لە ئەفسانەکانەوە تا دەقەکانی ناو کتێبە پیرۆزەکان و تا دەگاتە نوێترین دەقی ئەمڕۆ، بەڵام هەر دانەوەو بە زمان و شێوازی خۆی ئەو دەقەی نووسیوە، هیوا قادر-یش بە کۆمەڵێ حیکایەت سەرسامان دەکات کە هەر لە قوتوویەکی چینی دەچێت، کە دەیکەینەوە قوتوویەکی تری لەناودایە ئەویش دەکەینەوە قوتوویەکی ترو ترو بەجۆرە سیحری گێڕانەوە ڕامانەدەکێشێ، بەڵام لەسەرخۆو بێ هەناسەبرکێ، لە یەکەم قوتووا وائەت لە یەکەم حیکایەتدا کە بە هۆی ئەوەوە بە قوتوەکانی ترو حیکایەتەکانی تر ئاشنا دەبین، ڕاوی حیکایەتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە (کە ناوی نازانین و بە ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر ئەدەوێ) بەدوای سەید موحسینی خەتۆشدا دەگەڕێ کە چەندین ساڵ لەوەوبەر مردووە، ئەو پیاوە لای ڕاوی بەرجەستەکاری (جوانییە)، (سیمای ئەو سیمای ئینسانێکی بێدەنگ و خەمگین بوو، بەڵام هەمیشە وەك بینینی دراهەمین پرتەی کۆزاندنەوەی تێزامان و دنیابینینەکانی خۆی خستۆتە سەر زمانی ئەم کارەکتەرە کە لە ل١٩ئو فەسڵی پێنجەمەوە دەستپێدەکات تا ل١٦٧ئو فەسڵی هەشتەم ئیتر لەوبەدواوە وردەوردە سەرەتای چیرۆکی سێیەم دەردەکەوێ، ئەمەش لە ساتەوەختی ئەخۆشکەوتن و مردنی سیاو ئاشتبینیەوە دەستپێدەکات (لەو ئیتارەیەوە کە لەسەر قەبرانەکە گەڕایەوە سیا ئەخۆشکەوت ئاوێ تا و.. ل١٦٧) ئەمەش وەکو ئاماژەیەك وایە بۆ گەیشتنی ئەزموونە ڕۆحییەکەی ڕاوی/ یاروەلی بە مەبەستی خۆی واتە دۆزینەوەی تەریقەتی خۆی/ (خودا بێ بەرییە لەو شەڕانەی کە ئینسان دەیکات بۆ ژاڵیوونی تاقە خودایەکی خۆی بەسەر خودا کاندا، ئەو کەسی کە خودا بەو چەشنە بدۆزێنێت هەرگیز خودای ڕاستەقینە نادۆزێتەوە، من هەستمکرد ئیتر تەواو وەك سۆفییەکی هەمیشە عاشق و بێ موورید خودام دۆزییەوەو هاتە ناومەوە) دوای گەیشتن بەوەی لە دوریدا دەگەڕا، دەبوو ڕاوی/ یاروەلی کۆتایی بەو گۆشەگیرییەی بهێنێ/ لە شوێنێکی دووری چۆلەوانی لەگەڵ منالێکدا کە قسە ناکات/ دەبوو سیا بمرێ (منالە کەمئەندامەکان زۆربەیان تەمەنیان کورتە) دەبوو ڕاوی/ یاروەلی/ بگەڕێتەوە شارو چیرۆکی خۆی و سیا بنووسێتەوە تا لە ئەمان ڕزگاری بکات/ بەڵام پێشئەوەی کۆتایی بەم دووەم حیکایەتە بێت، چیرۆکی سێیەم دەستپێدەکات (کە چارم کردەوە دەستەکەی تری سیا، لە دەستی ڕاژەدابوو.. ڕاژۆ بەهەمان سیماو جلوبەرگی ئەو شەوە پڕ دەستڕێیەی.. .. بە سیام وت: سیا ئەوە ڕاژێیە گەڕاوەتەوە بە دواتا، سیا سەبرێکی هەردووکمانی کردو بۆ دواهەمینجار لەگەڵ هەناسە هەڵمژێنێکی قوڵدا چاوەکانی داخست، ڕاژۆ سەبرێکی منی کردو بە خەمبارییەوە پێیوتم: من باوکی سیا نیم) لەم دیالۆگە کورتەوە (من باوکی سیا نیم) کە دوادیالۆگی فەسڵی ١٧و لاپەڕە ١٧٥-ە، حیکایەتی سێیەم سەرهەڵدەدا، بەڵام ئەجارە لەسەرخۆ نا، بەڵکو بەکتوپڕی و ناستی واقع بە تەواوی دەگۆڕێ بۆ ئاستێکی فانتازی، بەو پێیەی ڕاژۆ پازدە ساڵە کوژراوە، کەچی هاتۆتەوە حیکایەتی خۆی و سیا بۆ یاروەلی دەگێڕێتەوە، (من تۆم دەناسییەوە، بۆیە سیام دا بە تۆ، ڕاژۆم بینی خۆیدابوو بەسەر گڵە هەڵداوەکەی بەردەم گۆڕەکەداو سەیری منی دەکرد). لەچرکەی دەرکەوتنی ڕاژۆوە لەبەردەم یاروەلیدا، وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی یاروەلی دەداتەوە کە بەدرێژایی پازدەساڵ بەدوایدا گەڕاوە (واتە حیکایەتی ڕاژۆو سیا) ئیتر هەر لە ڕێی وەڵامەکانی ڕاژۆوە حیکایەتی چوارەم دزە دەکاتە ناو حیکایەتی سێیەمەوەو لەم حیکایەتەدا ڕاوی هەندێجار یاروەلییەو لە هەندێ شوێندا دەبێت بە ڕاژۆو هەردووکیشیان کە دەبنە ڕاوی بە ڕاناوی یەکەمی قسەکەر دەگێڕنەوە هەرچەندە لەم چوارەم حیکایەتەدا ئاستی واقیع تەواو فانتازییە، بەڵام ئەوەی ڕاژۆ دەیگێڕێتەوە حیکایەتێکی تەواو واقعییە، بەشێکی کە حیکایەتی ڕاژۆ خۆیەتی پێشئەوەی سیا بناسێ، بەشەکەی تری حیکایەتی ڕاژۆ خۆی و سیایە، هێڵی درامیی لەم حیکایەتەدا زۆر سەرفرازکێشەو بە تەواوی خوێنەر بەدوای خۆیدا دەبات تا وردەوردە خاو دەبێتەوەو هەموو حیکایەتەکان یەکدەگرنەوەو یەکتری تەواودەکەن و حیکایەتێك پێکدەهێنن کە حیکایەتی دوای هەموو حیکایەتەکانە، حیکایەتی دوای مەرگی سیار ڕاژۆیە، حیکایەتێکە کە دەکەوێ ناوی پێنجەم حیکایەتی لێنینێن، کە ڕەنگە یاروەلی خۆی فانتازیای کردبێ، تەمەناو خەون و زیندەخەونەکانی یاروەلیی بن بەرجەستە بوبن، کەشکۆلەکەی یاروەلی کە بە خەونە سوریالییەکانی منالێکی کەمئەندام (ئەقسە دەکات و ئەدەڕوا) دەستپێدەکات کە شمش خەونی سوریالی-ن بە چەند دیمەنێکی سوریالی سیاو ڕاژۆ کۆتایی دێ ئیتر منی خوێنەر نازانم ئەوە سیار ڕاژۆن چونەتە خەونی یاروەلی یان یاروەلی ئەوانی هێناوەتە نێو خەونەکانی خۆیەوە، ڕۆمانەنووسیش هیچ بە زەروری نازانێ بگەڕێتەوە بۆلای حیکایەتی یەکەم و ڕاوی یەکەم بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڕۆمانەکەی بهێنێ، چونکە هەر لەساتەوەختی دەستپێکردنی دووەم حیکایەتەوە، یەکەم حیکایەت ڕۆڵی نامینێ، ڕۆمانووس دەگەڕێتەوە لای دووەم حیکایەت و بەوە تەواوی دەکات کە یاروەلی دەگەڕێتەوە شارو کەشکۆلەکە دەباتەوە کتێبخانەی ئەو خانەقایەی یەکەجار جێبهێشتووە، بۆئەوەی دێرە ونبوونەکانی مەحوی بدۆزێتەوە (من لەدوای نووسینی دواپێت و کۆتایی ئەم کەشکۆلەوە دەمەوێت جۆرێکی تر بژیم و بە چەشنێکی تر لەزەت لە ژیان و بیرکردنەوەکانی خۆم بەرم)و (ئەوەی ئێستا لە خەیاڵدایەو بە باشترین شێوێ دەزانم بۆ پاراستنی ئەم کەشکۆلە، تەنها ناو کتێبخانەکەی خانەقایە... ل٢٠٤). بەجۆرەو لەم لاپەڕەیەوە ڕووداو سەرکەیبەکانی ناو ڕۆمانەکە یا باشتر وایە بڵێین هێڵی درامیی چیرۆکەکە کۆتایی دێت، دوای مردنی سیار پێشتریش مردنی ڕاژۆو گەڕانەوەی یاروەلی بۆ شارو خانەقاکەی خۆی (کە لە نووسینەوەی کەشکۆلەکەم بوومەوە، دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆم و ڕۆژێك بە دزییەوە دەچمەسە ئێوان کتێبە خۆڵ لێنینێشتووەکانی کتێبخانەکەوە، بڕواناکەم دوای پازدەساڵ گەڕانەوەم بۆ خانەقا کەسێکی وای لێمابێت من بناسێتەوە..ل٢٠٤)، بە هەماشێوە لەلاپەڕەکانی سەرەتای ڕۆمانەکەدا ڕاوی یەکەم لە یەکەم حیکایەتدا دەڵێ (دوای ئەوەی هەموو کەشکۆلەکەم نووسیەوەو کردم بەم کتێبە، کەشکۆلەکەم لە هەمان جێگا کۆنەکەی خۆیدا لەناو کتێبخانەکەدا دانایەوە، ئازام بۆ ئەو هەستم لەو ڕۆژانەوە تا ئێستا لادروستبووە کە ڕەنگە ڕۆژێك بێت یاروەلی خۆی بێتەوە ئەم مزگەوتەو کەشکۆلەکەی بەرێتەوە، یاخود بێت و کەشکۆلێکی کە لە پاڵ ئەم کەشکۆلەدا دانێت.. ل٢٠٤).

دواتریش کە لەسەر گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بتوانم لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە هەرچەندە ئاستی واقع ئیتیدا تەواو فانتازییە، بەڵام فانتازیایەکە کەلتوورو عەقڵی نووسەرێکی کورد بەرهەمهێناوە، بە خوێنەری کورد ئامۆ نییە، فانتازیایەکی دەستکرد نییەو فانتازیایەك نییە لە پێناوی فانتازیادا یا بۆ شاردەنەوەی کەمتوانایی نووسەر بەکارهێنرابێ، چونکە هەروەکو ڕۆجێ کایوا خاوەنی کتێبی(ئەنتۆلۆژیای ئەدەبی فانتازی) دەڵێ (ئەدەبی فانتازی حەقیقی ئەوە نییە لە دەستی ئەنقەست ئەو فانتازیایە دروستکرابێ یان نووسەر پێشوەخت بریاری دابێ چیرۆکێکی فانتازی بنووسێ، بەڵکو ئەدەبی فانتازی ڕاستەقینە ئەوەیە ڕووداو ئامۆو سەیرو سەمەرەو خوراڤییەکان کە عەقڵ قبوڵیان ناکات بە شێوەیەکی وا ڕووبدەن کە زۆر ئاسایی دەرکەون.. کەواتە چیرۆکێك نییە بە شێوازێکی فانتازی گێڕدراوەتەوە، بەڵکو ئەو چیرۆکە هەر بۆخۆی فانتازیایە). ئەو چیرۆکنووس و ڕۆمانووسە کوردانەی لەبەرهەمەکانیاندا فانتازیایان بەکارهێناوە، زۆربەیان هەروەکو لاساییکردنەوەو چاولێکەری ئەمەیانکردووە، بۆیە بەرهەمەکانیان کاڵوکرچ و وەرسکەرن، زۆر کەمن ئەو چیرۆك و ڕۆمانە کوردییانەی بەم شێوازە نووسرابن و کارێکی سەرکەوتوو جوان بن، ڕۆمانی منالێك لەسەر مانگە-ی هیوا قادر یەکێکە لەو ڕۆمانە سەرکەوتوو جوانانەی کە بە وریایی و تێگەیشتنەوە ئەم شێوازەی تیا بەکارهاتووە.

سەرچاوە:
*ڕسائل الی ڕوانی شاب/ ماریو بارغاس یوسا- ترجمە: صالح علمانی.
*منالێك لەسەر مانگە/ هیوا قادر- ڕۆمان.



بڵاوکراوەی نوێ

یادەوەریی شەقامێك

بەرێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی لەدووتوێی (٣٦٨) لاپەڕەدا ڕۆمانێکی (تەها ئەحمەد ڕەسوڵ)ی لەژێر ناوی (یادەوەریی شەقامێك)دا بەچاپگەیاند. لە بەرگی دواوەی ڕۆمانەکەداو لە بارەی ئەم بەرهەمەوە نووسراوە (دەتوانرێتێکە لە ڕۆمان و مێژوو، بەکەرەسەکردنی مێژووە لەنێو فانتازیاو ئەندێشەی ڕۆماندا.. تیایدا بە پێی هێڵێکی درامی سەراپا مێژووی شاری سلێمانی بەر لە گوندی مەڵکەندییەوە تا زەمەنی ئێستا دەگێڕێتەوە...).

هەڵبژاردە لە شیعرەکانی عەبدولوەهاب بەیاتی

دەرگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی- وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەغدا، هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی (عەبدولوەهاب بەیاتی)ی بەچاپگەیاند، کە (عەبدول حسێن) لە عەرەبییەوە کردوێتی بە کوردی، ناونیشانی هەندێك لە شیعرەکان (ڕۆژنامە زەردەکان، گفتوگۆی بەرد، بۆ شەهیدێکی تر، شارەکەم و قەرەج، یادەوەرییەکانی پیاوێکی نەناسراو، ڕۆژانەی سیاسەتمەدارێك..).



ناونیشان: هەرێمی کوردستان- سلێمانی- دەرگای ناوەندی ڕاگەیاندن
ت: 3183793,3183715 بەدانە
فاکسی مەکتەبی ڕاگەیاندن: 00447043183560
فاکسی کوردستانی نوێ: 00447043185147
E-mail :adabuhunar@ yahoo.com
(Homepage) www.pukmedia.com
ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ
هەفتەمەیەکی ئەدەبی و هونەری ئایینەتە هەموو پێنجشەممەیك بڵاو دەبێتەوە
لێپرساوی ئەدەب و هونەر
شیرین . ك
حێگری لێپرساو
سیامەند هادی